با هیچ یەکێکتان نەڵێت: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إِنْ شِئْتَ، ارْحَمْنِي إِنْ شِئْتَ، ارْزُقْنِي إِنْ شِئْتَ) واتە: (خودایە لێم خۆش بە ئەگەر (ویستت، خودایە ڕەحمم پێبکە ئەگەر ویستت

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «با هیچ یەکێکتان نەڵێت: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إِنْ شِئْتَ، ارْحَمْنِي إِنْ شِئْتَ، ارْزُقْنِي إِنْ شِئْتَ) واتە: (خودایە لێم خۆش بە ئەگەر ویستت، خودایە ڕەحمم پێبکە ئەگەر ویستت)، بەڵکو پێویستە سوور بێت (پێداگیر بێت) لە داواکەیدا، چونکە خوای گەورە هەرچیەکی بوێت ئەنجامی دەدات، وهیچ کەسێک ناتوانێت ناچاری بکات لەسەر کردنی هەر شتێك». ولە گێڕانەوەکەی (مسلم)دا: «بەڵکو پێویستە پێداگیر بێت لە داواکەیدا وبەهیوای وەڵام بێت، چونکە لە لای خوای خوای گەورە هیچ شتێک گران نییە ئەگەر بیەوێت ببەخشێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە بەستنەوەی نزا وپاڕانەوە بە شتێك ئەگەرچیش بە ویستی خوای گەورە بێت؛ چونکە زانراوە ودڵنیاین لەوەی کە خوای گەورە لە کەسێك خۆش نابێت مەگەر خۆی بیەوێت -سبحانه وتعالى-، وبەستنەوەی نزا وپاڕانەوە بە ویستی خودا هیچ مانایەکی نییە؛ چونکە ویست دەبێتە مەرج دەرهەق بە کەسێك کە کردەوە ئەنجام دەدات بە بێ ویستی خۆی وەکو ئەوەی ناچار بێت یان هاوشێوەی، وپەروەردگار پاك وبێگەردە وئەم شتە لە ئەو دوورە، لە هەمان کاتدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کۆتای فەرموودەکەدا ئەم باسەی ڕوونکردەوە کاتێك فەرمووی: (هیچ کەسێك ناتوانێت خودا ناچار بکات -لەسەر کردنی شتێك-)، هەروەها هیچ شتێك لای پەروەردگار گران نییە ئەگەر بیەوێت ببەخشێت، وهەرگیز بێ توانا وبێ دەسەڵات نییە، وهیچ شتێك گران وقورس نییە بە لای پەروەردگارەوە هەتاوەکو بووترێت: ئەگەر بتەوێت، وبەستنەوەی نزا وپاڕانەوە وداوای لێخۆشبوون بە ویستی خودا جۆرێکە لە دەستهەڵگرتن لە وەڵامدانەوە ولێخۆشبوونی خودایی، کاتێك کەسێك دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت ئەو شتەم پێ ببەخشی؛ ئەوا پێم ببەخشە، ئەم ڕستەیە لەڕاستیدا بەکاردەهێنرێت بەرامبەر بە کەسێك کە یان ئەوەتا لەڕاستیدا پێویستی پێی نییە یان ئەوەتا لاواز وکەم توانایە، بەڵام لەگەڵ کەسێك کە توانادار بێت؛ وداواکار پێویست وناچار بێت ئەوا پێداگیر دەبێت لەسەر داواکەی، وەکو هەژارێك کاتێك داوا دەکات؛ کە پێویستی بەو شتە هەیە کە داوای دەکات، وپەنا وهاوار دەبات بۆ اللە؛ چونکە ئەو دەوڵەمەند وکاملە، وتوانادارە لەسەر کردنی هەموو شتێك.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5978